## Kurdiska

Rädda Barnen

رێساکانی جەستە هەم لە ژیانی ڕاستیدا و هەمیش لە دونیای مەجازیدا دەکار دێن.




# ڕێساکانی جەستە

1 **ئێوە لەسەر جەستەی خۆتان بڕیار دەدەن،**
و کەسانی دیکەش لەسەر جەستەی خۆیان بڕیار دەدەن.

2 ئەوە ئێوەن کە بڕیار دەدەن کێ بۆی هەیە لە باوەشتان بگرێت، ماچتان بکات و یان ئەوەی کارێک لەگەڵ جەستەی ئێوەدا بکات.

3 هیچ کەس بۆی نییە دەست بۆ **شوێنە تایبەتییەکانی** ئێوە ببات بە شێوەیەک کە ئێوە هۆکارەکەی نەزانن. لەوانەیە هێندێک جار هێندێک لە گەورەکان، بۆ نموونە، دایک و باوک و دکتۆر، پێویست بکات ئەم کارە بکەن. لە کاتی ئاوادا ئەوان دەبێ هۆکاری کارەکەیان بە ڕوونی بۆ ئێوە باس بکەن و بڵێن کە چی دەکەن.

4 مافی هیچ کەس نییە وا لە تۆ بکات دەست لە کۆئەندامی زاوزێ و سمت یان سینگی خۆت یان کەسێکی دیکە بدەی.

5 هیچ کەس بۆی نییە لە شوێنگەلی تایبەتیی ئێوە وێنە یان فیلم بگرێت. هیچ کەس بۆی نییە ئەم جۆرە وێنانە بڵاو بکاتەوە.